# پیرۆز بێ لە زەعیفەکانی پەرلەمان

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح
avinfatah@yahoo.com

(ئەز کچێکی تەمەن 33 ساڵەم، بەکالۆریۆسم هەیەو جیا لە زمانی دایك دکارم بە دووزمانی زیندووش بئاخڤم، ساڵانێکە کار دەکەم وجگە لە مەسرەفی خۆم، هاریکاری ماڵەوەش دەکەم، لە کارەکەمدا هەلێکی باشم بۆ رەخساوە، تا بەمەبەستی راهێنان گەشتێکی زانستی بۆ ئەمەریکا بکەم بۆ ماوەی 45 رۆژ، بەڵام ماڵەوەم بوونەتە بەربەستو دەڵێن کچ نابێ بە تەنیاو بێ مەحرەم سەفەر بکات.........) ئەمە بەشێکە لەو ئیمەیلەی کەلەم رۆژانەدا بۆم هاتووە،کەخوێندمەوە زەردەخەنەیەکی تاڵ دایگرتم، ئاخر پانزە ساڵ پێش ئێستا منیش بەهەمان دەردەوە چوومەکەسوکارم نەیانهێشت بۆ تەواوکردنی خوێندن سەفەر بکەم،سەرەنجام هەلێکی زێرینی تەمەنم لەدەست چووکە مخابن هەرگیز نەگەڕایەوە.

لە کوردستانی ئازاددا، دەیان داب ونەریتو یاساو بریارو رێنمایی بەسەرچوو هەن کە ژن بە زەعیفە لە قەڵەم دەدەن، بۆ نموونە تا ئێستا وبە پێی رێنماییەکانی ئاسایش، ژن بۆی نیە بە تەنیا لە هوتێل بمێنێتەوە، جارێکیان لە کاتی جەنگی ئازادکرنی عێراقدا، کچێکی سوودانی کە لە بەغدا قوتابی بوو، لە تورکیا ناوی دەرچووبوو بۆ درێژەدان بە خوێندن، بۆ بەدبەختی رێی کەوتبووە هەولێر،ڤێجا چونکە هیچ هوتێلێك بە خۆیەوە نەگرتبوو، بۆیە تەسلیمی گرتووخانەی ژنان کراو شەوەکەی لەوێ بەسەر برد !

یاساکانی ئەم دەسەڵاتە کەلەهەموو لێدوان وراگەیێنراوەکانیدا خۆی بە دەسەڵاتێکی مەدەنی ودیمۆکراتیك دەناسێنێ ژن بە مرۆڤێکی ناکامڵ وناتەواو دادەنێوبەداخەوە دیارەگوزەرکردنی ئەو هەموو ساڵانەش هیچ گۆڕانکاریەکی پۆزەتیڤی ئەوتۆیان بەسەر کۆمەڵگەکەماندا نەهێناوە کەجێی تێڕامان وباس کردن بێ، بەپێچەوانەی قسەکانی ئەو ژنە بەرپرسانەی کە دوای تەعینکردنیان لە پەرلەمان، لەملاو ئەولا بەرنامەی کاری خۆیان بڵاو دەکەنەوەو رۆڵی ئافرەت لەکوردستاندا بە گرینگ دەنرخێنن وبەهاریان هێناوەتە چۆکان، لەکاتێکدا ژن هێشتا لای ئێمە نەك هەر بێزێزو زەعیفەیە بەڵکو رۆژ نییە ژنێك ، کچۆڵەیەك لەداخی ئەو هەڵاواردنەی دەهەنبەریاندا دەکرێ ئاور لەخۆی بەرنەدات.

دیمانەی هەندێك لەو ژنانەم خوێندۆتەوە کە لە پەرلەمانی کوردستاندا دانراون، زۆربەیان پەرۆشی وخەمخۆری خۆیان بۆ ئازادیو سەربەخۆیی کوردستان نیشانداوەو ئەوە دوویات دەکەنەوە کە لای ئەوان پرسی کوردایەتیو دەوڵەت لە پێش پرسی ژنانەوەیە، وەك بڵێی زەعیفە دەوڵەتیشی پێ دابمەزرێت، من وای دەبینم ئەمە تەنیا ریکلامێکی لاوازە بۆ خۆدزینەوەیان لە ئەرکە راستەقینەکان، چونکە چش لەوەی کە لۆجیکی نییە داوا لەژنان بکرێ باسی کۆیلەبوونی خۆیان نەکەن تا کوردستان سەربەخۆ دەبێ، پێموایە کوردستانیش ئەوکاتە سەربەخۆ دەبێ کە مرۆڤەکانی ئازاد وسەربەخۆ بن نەك کۆیلەو زەعیفە.

هەشتی مارس وکورسیەکەی پەرلەمانیش لە زەعیفەکانی پەرلەمان پیرۆز بێ. !